


# ئۆردوگان توركيا

# بەرەو كارەساتێكی

# خوێناوی دەبات

رەزا شوان

روون و ئاشكرایە و دونیا دەزانێ كە تا ئەمڕۆ سوپای توركیا تەنها فیشەكێكیشیان بە چەتە بەكرێگیراوە تیرۆریستەكانی داعشەوە نەناوە .. بە پێچەوانەوە تا ئەمڕۆش توركیا بە ئاشكرا و بە نهێنی یارمەتی ماددی و لۆجستی داعش دەدات .. بە چەك و بە دەرمان و بە تەقەمەنی و بە سیخوڕیكردن لەسەر شەڕڤانانی كورد، هاوكاری داعش دەكەن .. زۆربەی ئەو تەقینەوانەش كە لە توركیادا ئەنجام دران و دەدرێن .. لە لایەن میتی توركیاوە پلان دارێژی بۆ كردوون و جێبەجێ كردوون .. بۆ ئەوەی كە پەنجەی بوختان و تاوانباركردن بۆ پارتە سیاسییەكانی باكوور و رۆژئاوای كوردستان درێژ بكەن .. یا هەمیشە تەقینەوەكان دەدەنە پاڵ شۆڕشگێڕانی كوردمان .. بە مەبەستی تاوانباركردن و ناوزڕاندنیان .. بۆ ئەو مەبەستەش كە لە پاڵ شەڕی تیرۆریستان و قۆستنەوەی باروودۆخی ناوچەكە و بێدەنگی و خۆكەڕكردن و خۆلاڵكردنی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرانبەر بەو كۆمەڵكوژییەی كە سوپای دڕندە و رەگەزپەرستی توركیا بەرانبەر بە كورد ئەنجامی دەدەن .. توركیا ئەم بارودۆخەی بۆ كۆموڵكوژیی كورد قۆستۆتەوە .. بوونی هێزی پەكەكە و شەڕڤانانی كوردی كردوون بە بیانوو .. توركیا كورد بە تیرۆریست ناودەبات .. بەڵام كەس بڕوا بە درۆ و بە بوختانەكانیان ناكەن .. ئۆردوگانی تۆرانی رەگەزپەرست لە ژێر عەبای ئیسلامیدا .. درێژە بە ئایدۆلۆژیای بۆگەنی تۆرانیەت دەدات .. چونكە ئۆردوگانیش بە رەگەزپەرستی گۆشكراوە و بە هیچ كلۆجێك دان بە هیچ نەتەوەیەكی تردا نانێت و، تورك بە تەنها نەتەوە دەزانێت .. سەد بەردیشی بە تەنگەی نازیدا داوە .. ئۆردوگان تا سەر ئێسقان دژایەتی گەلی كوردمان دەكات .. شەڕێكی پاكتاوی نەژادی خوێناوی لە دژی گەلی كوردمان راگەیاندووە .. بە سۆپایەكی زەبەلاحی دڕندەوە، بە هاوكاری هەزاران پۆلیس و میتی بێڕەوشت، بە

شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامەردانە و دوور لە هەموو رەوشتێکی مرۆیی، بە فرۆکەی کوشندەی ئێف شانزە و بە تۆپی قورس و بە تانک و بە زرێپۆش .. پەلاماری خەڵکی سڤیلی بێدەرەتانی شارەکانی باکووری کوردستانیان داوە .. دەست لە منداڵی ناو لانکیش ناپارێزن .. تا ئێستا بە سەدان منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتەی بێتاوانی کوردیان شەهید کردووە .. بە سەدانماڵییان بەسەر دانیشتووانەکانیاندا وێران کردوون .. ئەم بێڕەوشت و نامەردانە تەنانەت رێش بە کەس و کاری شەهیدەکانیشمان نادەن، کە شەهیدەکانیان بە خاک بسپێرن .. رێش نادەن کە بریندارەکانیان لە نەخۆشخانەکاندا تیماربکرێن .. رێش بە تیمەکانی مافەکانی مرۆڤ و بە رۆژنامەنووسان و راپۆرتنێران و بە میدیاکانیش نادەن، کە لە شوێنەکانی تاوانەکانیان نزیک ببنەوە .. تورکیا فاشستی نەک هەر گەمارۆیەکی ئابووریان بەسەر شارەکانی باکووری کوردستاندا سەپاندووە، بەڵکو گەمارۆیەکی راگەیاندنیشیان بەسەردا سەپاندوون .. رێ نادەن کە پەیامنێران و رۆژنامەنووسەکان، روماڵی تاوانە قێزەوەنەکانیان بکەن و پەردە لەسەر دڕندەیی و بێڕەوشتییان لابدەن .. تا ئێستاش بە سەدان لاو و مێردمنداڵ و پارێزەر و چالاکوانی کوردیان گرتوون و، بە بەبێ تاوان، و بە ناڕەوایی بە تاوانی هەڵبەستراوی ( ناپاکی دژ بە دەوڵەت ) تاوانباریان کردوون .. بەڵکو ئەوان کورد بوون بە تاوان دەزانن .. دژی ناوی کورد و کوردستانن .. نزیکەی نەوەت ساڵە سیاسەتی رەگەزپەرستی و شۆڤێنی لە تورکیادا نە گۆڕاوە و درێژەی هەیە .. زیاتر لە نەوەت ساڵە رژێمە رەگەزپەرستەکانی تورکیا، بە رژێمە رەگەزپەرستییەکەی ئێستای ئۆردوگانی دیکتاتۆری لووت بەرزیشەوە دەیانەوێت بە زەبری هێز و، بە لەشکرتاری و، بە سەرکوتکردن و کوشتن و بڕین و بە کۆمەڵکوژی و بە رەشبگیری .. کۆتایی بە کێشەی رەوای بیست و پێنج ملیۆن کورد لە باکووری کوردستاندا بهێنن .. هەموو رێگایەک و شێوازێکی دڕندانە و نامەردانەیان بۆ توانەوە و بۆ جینۆسایدکردنی کورد بەکارهێنان و دەهێنن .. ئەوەی تا ئێستا بەسەر کوردیان هێناون .. کەمتر نییە لەوەی کە بەسەر ئەرمەنییەکاندا هێنایان، کە تا ئەمڕۆ و تا هەتایەش تاوانەکانیان پەڵەیەکی زەق و زۆر قێزەوەنن، بە تەوێڵی شۆڤێنی تورکەوە، لاپەڕەیەکی شەرمەزاریشن لە مێژووی سەراپای پڕ لە تراژیدیای خوێناوی و رەشیان.

ئۆردوگانی رەگەزپەرست و بێوژدانی دوور لە بەزەیی و لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی ، لە ئەمڕۆدا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامەردانە بە سوپایەکی پڕ چەکەوە پەلاماری

گەلی کوردمانی لە شار و لە شارۆچکەکانی باکووری کوردستانی خۆڕاگر و قارەمان و کۆڵنەدەر داوە .. سوپاکەی سەربەست کردوون لە کوشتنی منداڵان و ژنانی کوردمان، لەسوتاندنی تەر و وشک، لە کاولکردنی شارەکانمان .. لە بەجێهێشتنی زەویی سووتاو .. تا ئێستا لە چەند شارێکی باکووری کوردستاندا کۆمەڵکوژی کوردیان ئەنجام داون .. کە دەچنە، چوارچێوەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و، تاوانەکانی نێودەوڵەتی دژ بە مرۆڤایەتی .. بەلامەوە مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕییە، کە ئۆردوگان باس لە ئازادی و لە دیموکراتی و دادپەروەری دەکات .. بەڵام ئەم قسانەی هەموویان درۆی رووتن و، دروشمی موزایەدەن .. تاوانەکانی دژ بە گەلی کوردمان راستیی درۆکانی دەسەلمێنن . ئۆردوگان ئیسرائیل تاوانبار دەکات کە منداڵانی فەلەستین دەکوژن .. بەڵام ئەوەی ئەم دیکتاتۆرە دووڕووە بەسەر منداڵانی کوردی هێناوە .. هەرگیز ئیسرائیل ئەم نامەردییەی بەرانبەر بە فەلەستینییەکان ئەنجام نەداوە ؟ ئۆردوگان بۆ مزایەدەکردن، خەباتی گەلی فەلەستین بە رەوا دەزانێت .. ئێمەش لەگەڵ خەباتی رەوای گەلی فەلەستیندا داین .. ئەی بۆ خەباتی گەلی کوردمان بە تاوان دەزانێت .. ؟! چ جیاوازییەک لە نێوان کورد و فەلەستینییەکاندا هەیە ؟ یا بانێکە و دوو هەوایە .. ؟! ئەی ئەگەر ئیسرائیل بە تاوانبار دەزانێت .. بۆ لە لێدوانێکیدا وتی : پێویستە پەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل دا بەهێزبکەین .. ئێمە پێویستیمان بە ئسرائل هەیە .. ؟! ئەمەیە دووروویی و دووفاقی .. ئەمەیە سیاسەت و هەڵویستی راستی ئۆردوگانی سەدڕوو .. ئۆردوگان ناتوانێت بەم درۆ و دەلەسانەی خۆڵ لە چاوی خەڵکی بکات .

ئۆردوگان زۆر گەمژەیە گەر وا تێبگات کە بە کوشتن و بڕین و تۆقاندن و، بە زەبری هێز و ئۆپراسیۆنی سەربازی و، بە هەڕەشە و گوڕەشە، بتوانێت کورد ملکەچ بکات .. خەیاڵی خاوە و سەری خۆی بە چیای قەندیلی سەخت و سەرکەشدا دەکێشێت .. سۆپا دڕندەکەی سەدام حوسێنی گۆڕبەگۆڕی هاودۆستی ئۆردوگان، چەند جارێک هەڕەشەی ئەوەی لە گەلی کوردمان لە باشووری کوردستاندا کرد .. کە کورد قڕان دەکەن و، ناسنامەی کورد دەسڕنەوە و، لە ماوەی ساڵێکدا چیاکانی کوردستان تەخت دەکەن و، ناوی کوردستان دەسڕنەوە . بەڵام نە بە کیمیاباران و نە بە ئەنفال و نە بە کۆمەڵکوژی و نە بە راگواستنەوەی بە زۆر و، نە بە گەمارۆی ئابووری و سیاسی و راگەیاندن .. نەیان توانی کۆڵ بە ئیرادەی پۆلایین و بە خۆڕاگری گەلی کوردمان بدەن .. نەیان توانی مەشخەڵی

خەبات و شۆڕشی گەلەکەمان خامۆش بکەن ... بە پێچەوانەی نیازگڵاوییان، کورد و کوردستان زۆر بەهێزتر بوو .. سەدامی دیکتاتۆر و رژێمە رەگەزپەرستییەکەی و حیزبە شۆڤێنییەکەشی گۆڕبەگۆڕبوون .. بە ئۆردوگانی رەگەزپەرستیش دەڵێین ئەگەر کەمێک هۆش لە مێشکیدا ببێت .. پێویستە پەند و وانە لە چارەنووسی سەدام حوسێن و موعەمەر قەزافی و حوسنی مبارک و زین العابدین و چاوچیسکۆ و میلۆدۆڤیچ و هەموو دیکتاتۆرە هاوشێوەکانی ئەمانە وەربگرێت .. کە ئەوانیش هەر وەکو ئۆردوگان لە خۆبایی ببوون .. کەچی لەبەردەم تسۆنامی تووڕەیی و راپەڕینی گەلەکانیاندا ، ترسنوکترین کەس بوون .. کونە مشکیان لێببوو بە قەیسەری .

ئۆردوگان بە راگەیاندنی شەڕێکی پاکتاوی نەژادی لە دژی گەلی کوردمان .. تورکیا بەرەوە کارەساتێکی خوێناوی دەبات .. بە هەزاران کورد و تورک دەبنە قوربانی ئەم لە خۆبایی بوون و سیاسەت رەگەزپەرستییەی .. ئۆردووگان لە جیاتی ئەوەی کە بە دوای چارەسەرێکی ئاشتیانەدا، بۆ دۆزی رەوای کورد بگەڕێت .. کەچی هێندەی تر برینەکان قوڵ دەکاتەوە .. بە هۆی دوورنەبینی و هەڵەکانی ئۆردووگانەوە تورکیا، لە ناوخۆ و لە ناوچەکە و لە دەرەوەدا، تووشی قەیرانێکی سیاسی بووە .. تووشی قەیرانێکی داراییش دەبێت .. چونکە داهاتی کەرتی گەشتگوزاری تورکیا لە پاشەکشێدایە .. لەم ماوەیەدا بە هۆی ناسەقامگیرییەوە .. ژمارەی توریستانی بیانی بۆ شارەکانی تورکیا کەمبوونەتەوە و، کەمتریش دەبنەوە .. هەر بەم هۆیەوە لەم ماوەیەدا، تورکیا زیاتر لە دوانزە ملیار دۆلار زیانی لێکەوتووە .. چاوەڕوانی زیانی زۆرتریشی لێدەکرێت .. ئەم هۆیانەش لە ئەنجامی سیاسەتی نادروستی ئۆردوگان و پەرپاکردنی شەڕی دژ بە گەلی کوردمان لە باکووری کوردستان سەریان هەڵداون .. راگەیاندنی فیدراڵیش لە رۆژئاوای کوردستان هێندەی تر ئۆردووگانی رەگەزپەرستی هەراسان و نیگەران و تووشی شۆک کرد .

با ئۆروگان باش بزانێت کە ئەوە ئەستەمە بە کوشت و بڕین و، بە گرتن و تۆقاندن و، بە وێرانکردن و.. بە هەڕەشەکردن .. بتوانێت بەر لە راپەڕین و خەباتی گەلی کوردی قارەمانمان بگرێت .. لە ئێستادا لە ناو تورکیاشدا، ژمارەی ئەوانەی کە ناڕازیین لە سیاستی هەڵەی ئۆردوگان و لە لەشکرتاری و سەرکوتکردنی کورد، رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبووندان .. چونکە شەڕێکی زۆر ناڕەوایە .. دەتوانرێت بە گفتوگۆ و بە ئاشتی و

دادپەروەری کێشەی کورد لە باکووری کوردستاندا چارەسەر بکرێت .. نەک بە شەڕ و کوشتن و دوژمنایەتی .. وەک دەڵێن ( سەد ساڵێ گفتوگۆ .. لە رۆژێکی شەڕ باشترە).

ئێستا بۆ جیهان دەرکەوت کە کێ تیرۆریستە .. شۆڕشگێڕان و پێشمەرگە ئازادیخواز و ئاشتیخوازەکانی کوردستان .. یا ئۆردوگانی لەخۆبای و پارتە نادادپەروەرەکەی و رژێمە رەگەزپەرستییەکەی .. ؟ کامیان ..؟ بەپێێ بڕیاری جنێف ( شۆڕشگێڕ پیاوکوژ نییە ) .. شۆڕشگێڕانی کوردستان لە باکوور و لە رۆژئاوا و لە رۆژهەڵاتی و لە باشووری کوردستاندا تیرۆریست و پیاوکوژ نین .. بەڵکو شۆڕشگێری بە راستین و، لە دژی داگیرکەرانی رەگەزپەرستی کوردستان دەجەنگن و .. بەرگری لە مانەوەی گەلەکەمان دەکەن و .. لە پێناوی ئازادی و دیموکراتیدا دەجەنگن .. بەڵام تیرۆریست و پیاوکوژ و توندڕەوی راستی .. تورکیای ئۆروگانی رەگەزپەرست و سوپا دڕندەکەین .. ؟ ئەی کێیە یارمەتی چەتەکانی داعشی بێڕەوشت و، بەرەی نوسرەی جاشی بەکرێگیراوی تورکیا دەدات .. ئایە راستە کە تورکیا هاوپەیمانە لەگەڵ دەوڵەتانی دژ بە داعش .. ؟! یا تورکیا هاوپەیمانی راستیی داعشە .. ؟ بێگومان دووەمیان راستە .. تا ئێستاکە سوپای تورکیا تەنها داعشێکیشیان نە کوشتووە ؟ تەنها داعشێکیان نە گرتووە ؟ یا فرۆکە ( ئێف شانزە ) کانیان، تەنها بۆ جارێکیش بۆردوومانی مۆڵگەیەک لە مۆڵگەکانی داعشیان نە کردووە ..؟! بە بیانووی شەری پەکەکەوە .. بە سەدان خەڵکی سفیلی و بێتاوانی باکوور و باشووری کوردستانیان تیرۆرکرد .. فرۆکە کوشندەکانیان شەلم کوێرم دەست ناپارێزم .. بە دەیان گوند و شارۆچکەی کوردستانیان وێران کرد ..گوندنشین و مەڕ و ماڵات و ئاژەڵی بێتاوانیان کوشت .. ئەمڕۆش لە کاتی ئەم نووسینەشمدا چەند فرۆکەی جەنگی تورکیای تیرۆریست بە بیانووی بوونی بارەگاکانی پەکەکە .. بۆردوومانی چەند گوندێکی باشووری کوردستانیان کرد، کە تەنها یەک بنکەی پەکەکەش لەو نزیکە نین. سوپای تورکیا بە گیانی خەڵکی سفیلی کوردستان دەوێرن .. فرۆکەکانیان شار و گوند و باخەکانی کوردستان وێران دەکەن ؟ نەک مۆڵگەکانی چەتەکانی داعشی تیرۆریست .. ئەگەر ئۆردوگان داعش بە تیرۆریستیش ناو بهێنێت، بە راستی نییە و، لە دڵیەوە پێیان ناڵێت، ( ئۆردوگان گەر بەدەم جوێن بە داعشیش بدات .. بە چو پێیان دەڵێت وەرن ) . ئۆردوگان و ئەبوبەکری بەغدادی، دوو رووی یەک دراون .. هەموو کەسێک ئەوە دەزانێت .. کە هەر تورکیا بوو یارماتیی داعشی دا، لە گرتنی شاری مووسڵ و، شاری کۆبانی و،

شەنگال و، تەلعفەر و چەندین شوێنی تر .. تەنانەت چەند رۆژنامەنووسێکی تورکی کە ئەم راستییەیان ئاشکرا کرد .. بە بڕیاری ئۆردوگان بەند کران و بە ناپاکی کردن لە دەوڵەت و، بە ئاشکراکردنی نهێنی دەوڵەت تاوانبار کران .. هەرکەسێ لەگەڵ ئۆروگان نەبێت بە تاوانباری دەزانێت .. توومەتی ناپاکی دژ بە تورکیا دەخەنە پاڵی .. ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری لە تورکیادا.. ناوی رووتن و، بوونیان نییە .

لە ئەمڕۆشدا، تورکیا هاوپەیمانییەکی لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی عەرەبیدا پێکهێناوە، کە هەمووومان دەزانین کام دەوڵەتانن و، دەیانەوێت پیلانێک لە دژی خواستەکانی گەلی کوردمان لە رۆژئاوای کوردستان ئەنجام بدەن .. ئەوان نایشارانەوە و بە ئاشکرا دەڵێن ئێمە بە هێز ئەزموونەکانی رۆۆژئاوای کوردستان لە ناودەبەین و .. دژی هەموو خواست و مافێکی کوردین .. پیلانێکی هێرشکردنە سەر رۆژئاوای کوردستان لە لایەن سوپای تورکیاوە داڕێژراوە و لە ئارادایە .. بۆ ئەم مەبەستەش هێزێکی گەورەیان بە قورسترین چەکەوە ئامادە کردووە .. ئەوەش راست نییە کە ئامانجی تورکیا تیاچوونی رژێمی بەشار ئەسەد بێت .. بەڵکو مەرامی سەرەکی گلاویان، هێرشکردنە بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی کوردە .. وێرانکردنی شار و گوند و شارۆچکەکان و.. ئاوارەکردن ودەربەدەرکردنی کوردە لە رۆژئاوای کوردستان .

داوا لە هەموو پارتە کوردستانییەکان دەکەین .. لە هەموو رۆشنبیران و نووسەران و رۆژنامەنووسان و میدیاکاران .. لە هەموو رێکخراوە مەدەنییەکان .. لە هەموو کوردستان پەروەرێکی دڵسۆزمان لە کوردستان بن و یا لە هەندەران بن دەکەین .. کە لە ئاستی تاوانەکانی سوپای تورکیای رەگەزپەرست و دڕندەدا، بەرانبەر بە خوشک و برایانی بێتاوانمان لە باکووری کوردستاندا، بێدەنگ نەبن و، کاردانەوە و هەڵوێستیان هەبێت .. پشتگیری خۆیان بۆ خۆڕاگری و کۆڵنەدانیان دەرببڕن .. پێویستە یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن و، زۆر بە توندی پرۆتستۆ و شەرمەزاری تاوانەکانی ئۆردوگان و سوپای دڕندەی تورکیا بکەن و، خۆپێشاندان و رێپێوانی نارەزایی و تورەیی سازبکەن .

شەرمەزاریشە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و ژنان ، بۆ رێکخراوی داکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ ( هیومان رایتش ۆوچ ) کە خۆیان کوێر و کەڕ و لاڵ کردووە لە ئاستی کۆمەڵکوژی گەلی کوردمان لە باکووری کوردستان لە لایەن

تورکیای فاشستییەوە . ئەگەر ئەم تاوانانە دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی شارەکانی کوردستان کاری تیرۆریستی و تاوانی نێودەوڵەتی دژ بە مرۆڤایەتی نەبن .. ئەی کاری تیرۆریستی و تاوان لە دژی مافەکانی مروڤایەتی لەمانە زیاتر چین .. ؟!

زۆریش سوپاسی وەزیری دەروەی رووسیا ( سیرگی لاڤرۆف ) دەکەین، کە دەنگیان خستنە پاڵ ئەو کەمپینە کۆدەنگییەی کە کەناڵی راگەیاندنی ( ئار تی ) رووسی لەژێر ناوی ( دادپەروەری بۆ کورد ) رایگەیاند، کە داوای لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیان لە لایەن ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ کردووە .. دەربارەی ئەو تاوان و پێشێلکارییانەی ئاراستەی دەوڵەتی تورکیا کراون .. بە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی کورد لە شارەکانی باکووری کوردستاندا .. ( لاڤرۆف ) لەو دیمانە رۆژنامەوانییەی کە لە رۆژی چوار شەممە (٢٣ی/ ئادار/ ٢٠١٦) لە ( مۆسکۆ ) لەگەڵ وەزیری دەروەی ئەڵمانیادا. پێکەوە لەگەڵ رۆژنامەنووسان و کەناڵەکاندا سازیان کرد، وتی : " تورکیا هێشتا چەکدارانی کورد بۆردوومان دەکات و ئاستەنگی دەخاتە رێی خەبات کردنیان لە دژی تیرۆریستان " لاڤرۆف جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە : " پێویستە کورد لە گفوگۆکانی جنێڤ دا بەشداربکرێت " وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیاش ( ڤاڵتەر شتاینمار ) وتی : " بارودۆخ لە تورکیادا .. دەرەوەیان ورووژاندووە .. بەڕلین هیوای ئەوە دەخوازێت کە تورکیا رێگایەک بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ کورد دا بدۆزێتەوە " .. هیوادارین رووسیا و ئەڵمانیا و، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە دژی شەڕ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤن لە هەر شوێنکدا بێت و لە هەر بارودۆخێکدا بێت .. بە فەرمی داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لە هەموو ئەو لایەنانە بکەن کە بڕیاربەدەستن .. داواش لە رژێمی تورکیای رەگەزپەرست بکەن، کە دەست لە کۆمەڵکوژی کورد هەڵبگرن و پەنا بۆ گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتییانە بەرن .. تورکیا بێدەنگی و سەرقاڵبوونی دەوڵەتان و نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە شەڕی دژی داعشەوە قۆستۆتەوە .. لە ئەنجامدانی تاوانە قێزەوەنەکانی دژ بە گەلی کوردمان .. داواش لە لیژنەی بەرپرس و چاودێر لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەکەین کە بە زووترین کات.. بۆ لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لە تاوانەکانی تورکیا .. دەستەیەکی بێلایەن و سەربەخۆ بنێرن بۆ تورکیا .. بۆ رووماڵکردنی تاوانەکان و پێشێلکارییەکانی تورکیا دەرهەق بە گەلی کوردمان .. نازانین تا کەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و، ویژدانی

**جیهانی، چاوپۆشی لە تاوانەکانی تورکیا دەکەن ..؟!**

**ئێمەی کورد بە ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینەوە، هەڵویستی بەرزەی وەزیرانی دەرەوەی ڕووسیا و ئەڵمانیا بەرز دەنرخێنین و لەبەرچاودەگرین .. داواشیان لێدەکەین .. کە لە ئاستێکی باڵاتردا، ڕووسیا و ئەڵمانیا بە فەرمی پاڵپشتی خەباتی ڕەوای گەلی کوردمان بکەن .. داواش لە پەڕلەمان و لەیەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەگرتووەکان دەکەین .. کە فشار بخەنە سەر ڕژێمی تورکیا، بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵکوژیی خەڵکی سڤیلی کوردستان .**

**دڵنیاین و گەشبینین، کە سەرکەوتن بۆ گەلی کوردی قارەمان و ئازادیخواز و ئاشتیخواز و ژیانخوازمـان دەبێت .. زووبێت یا درەنـگ .. داگیرکەرانی ڕەگـەزپەرستی کوردسـتان ناچاردەکەین کە ملکەچی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بن .**

**ڕەزا شوان / نەرویج**
**٢٣ ی/ ئادار / ٢٠١٦**

بەشی یەکەمی وتەکانی ناوداران دەربارەی منداڵان لە مانگی (سێپتەمبەری/ ٢٠١٢) دا بڵاومان کردەوە .. ئەم وتانەی خوارەوە ، چەپکێکی تری وتە جوانەکانی ناودارانی جیهانی دەربارەی منداڵ و دەربارەی پەروەردە .. بۆ وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردیمان بەو هیوایەی کە سوودیان لێ وەربگرن .

(*) تۆڵستۆی :

منداڵ لە هەموو سەردەمێکدا، هێمای بێ تاوانی و پاکی و خێر و راستی و جوانییە .

(*) کورت ڤاڵد هایم :

سەرلەبەری دنیا قەرزاری منداڵن .

(*) کۆنفۆشیۆس :

منداڵان، منداڵانی سەردەمی ئێمە نین .. منداڵانی سەردەمی خۆیانن .

(*) پاپلۆ بیکاسۆ :

هەموو منداڵێک هونەرمەندە .. کێشەکە ئەوەیە چۆن بە هونەرمەندی دەمێنێتەوە .

(*) دەلالی لاما :

منداڵان گرنگترین سامانن لە ژیاندا .

(*) عەزیز نەسین :

منیش رۆژانێک منداڵ بووم .

(*) فرۆید :

بەشی زۆری کەسایەتی هەر تاکێک لە تەمەنی منداڵیدا دروست دەبێت .. بە تایبەتیش تا شەش ساڵان .

(*) مەکسیم گۆرگی :

دەتوانین بە زمانێکی شیرین و گونجاوی دوور لە راپۆرتە زانیاری، بە راشکاوی بۆ منداڵان بدوێین .

(*) ئەفلاتوون :

لە نێوان هەموو ئاژەڵەکاندا .. راهێنانی منداڵ گرانترە .

(*) فریدریک دوگلاس :

چاندنی تۆی هێز لە منداڵەکانماندا .. ئاسانترە لە تیمارکردنی پیاوانی رووخاو .

(*) تاگوور :

هەموو منداڵێکی لە دایکبوو ئەم پەیامەی پێیە .. خوا لە مرۆڤ بێ هیوا نەبووە .

(*) جێمس باری :

هەر جارێک منداڵ بڵێت : من بڕوام بە جنۆکە نییە .. جنۆکەیەکی بچووک لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەمرێت .

(*) ماریا مەنتسۆری :

گرنگترین قۆناغ لە ژیانی مرۆڤدا، قۆناغی خوێندنی باڵای زانکۆ نییە، بەڵکو یەکەمین قۆناغی ژیانە، کە لە دایکبوونەوە تا تەمەنی شەش ساڵانە .

(*) گاندی :

ئەگەر بمانەوێ ئاشتییەکی راستی لە جیهاندا بهێنینەدی .. پێویستە لە منداڵانەوە دەست پێبکەین .

(*) گابرییلا میسترال :

مرۆڤ هەڵەی زۆری کردووە، بەڵام نالەبارتری تاوان کە کردوویەتی پشتگوێخستنی منداڵانە، پەراوێزکردنی کانیاوی ژیانە، دەشێ زۆر شت بۆ کاتێکی تر دوابخرێت، بەڵێ

زۆر ، بەڵام تەنها پەروەردەکردنی منداڵان نەبێت، چونکە قۆناغی منداڵی ئەو قۆناغەیە هەموو خانەیەک لە خانەکانی و، هەریەکەش لە هەستەوەرییەکانیشی لەشی گەشە دەکەن .. کەواتە پێویستە لەسەرمان، لە ئەمڕۆوە بکەوینە خۆمان و، کارەکان نەخەینە بەیانی .

(*) جۆن بلۆمب :
کاتێ کە منداڵەکانت ئەو پرسیارانە دەپرسن کە وەڵامیان هەیە .. ئەوە بزانە کە گەورە بوونە .

(*) ئیرما بۆمبیک :
وا باوە، کە ژمارەی منداڵەکانت، لە ژمارەی پەنجەرەکانی ئۆتۆمبیلەکەت زیاتر نەبن .

(*) نیکۆل کیدمان :
من حەزم لە نواندنە ... بەڵام خۆشییەکی گەورەتر دەبینم کە لەگەڵ منداڵاندا دەچم بۆ باخچەی ئاژەڵان .

(*) ڤیکتۆر هۆگۆ :
کە منداڵێک لە دایک دەبێت، خۆشیش دێت و، رووناکیش شەوقەداتەوە .

(*) سوقرات :
ئەی پیاوان .. ئێوە هەموو بایەخێکتان داوەتە پارە کۆکردنەوە .. بەڵام بە کەمی بیر لە منداڵەکانتان دەکەنەوە، کە ئەو پارانەیان بۆ بەجێ دەهێڵن .

(*) لیدیا سیفۆرنی :
ئەو نەریتانەی کە منداڵان، لە قۆناغی زووی منداڵیدا فێری دەبن، ئەمانەن ئەوە دیاری دەکەن ئایا ئەم منداڵانە، بە هەژاری یا بە دەوڵەمەنی ژیان بەسەردەبەن، بەرهەمهێنەر دەبن یا تەمەڵ دەبن، خێر یا شەریان زیاترە .. دەبا هەر لە منداڵییەوە فێری نەریتی باشیان بکەین، بۆ ئەوەی ئایندەیەکی باشیان بۆ دەستەبەر بکەین .

(*) ئێگنس ئێشت :
نالەبارترین شت لە زانیاری دەروونناسی منداڵاندا، ئەوەیە کە منداڵان لێی تێ ناگەن .

(*) هاردنگ :

خۆشنوودکردن و فێرکردنی منداڵ لە ئەمڕۆدا .. دوو بەقەی دۆێنێ تێ دەچێت .

(*) دوروتی نوو نونتی :

ئەگەرهات منداڵ لە کەشوهەوایەکدا بژی رازی بێت .. فێری ئەوەش بووە کە لە خودی خۆی رازی بێت .

(*) گۆتە :

دەشێ منداڵان بە ژیری لە دایک بن .. ئەگەر دایک و باوکیان وابن .

(*) جۆن لۆک :

منداڵ کە لەدایک دەبێ، بریتییە لە کاغەزێکی سپی، چیمان بوێت لەسەری دەنووسین .

(*) جان جاک رۆسۆ :

مرۆڤ بۆ ئەوە لەدایک نەبووە، کە هەر بە منداڵی بمێنێتەوە .

(*) ئەرستۆ :

رەگی پەروەردە تاڵە .. بەڵام بەرەکەی شیرینە .

(*) سیمۆر :

پەروەردەی منداڵ، پێویستە بیست ساڵ بەر لە دایکبوونی دەست پێ بکات، ئەویش بە پەروەردەکردنی دایکی .

(*) دانتۆن :

لە دوای پارووی ژیان .. یەکەمین پێویستی گەلان پەروەردەیە .

(*) سوکرات :

پەروەردەی فەوشتی بۆ مرۆڤ .. گرنگترە لە نان و جلەکەی .

(*) تشسترفێلد :

باشترین راسپاردەی مرۆڤ بۆ خەڵکی .. پەروەردەیەکی باشە .

(*) ڤۆڵتێر :

پەروەردە پێشکەوتنی بەهرەیە .. بەڵام دروستی ناکات .

(*) لامۆنیه :

ئەوەی لە باوەشی دایکماندا فێری دەبین .. هەرگیز ناسڕێتەوە .

(*) هێلین کیلەر :

باشترین ئەنجامی پەروەردە .. لێبووردنە .

(*) حەبووبە حەداد :

منداڵەکەت کوتاڵێکە لە بەردەستدا .. زیرەک بە لە دروونی .

(*) جاک دولا کرۆتیل :

هەڵەی گەورەی پەروەردەکاران ئەوەیە .. باش بە بیری خۆیان ناهێننەوە .. کە ئەوانیش بچووک بوون .

(*) جان جاک رۆسۆ :

ئێوە ئەی رابەر و مامۆستایان، هەوڵبدەن منداڵەکانتان بناسن، چونکە دڵنیام کە نایان ناسن .

(*) جۆن دێوی :

منداڵ ئەو خۆرەیە، کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان، بە دەوریدا دەسووڕێنەوە .

(*) بڕنادشۆ :

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ، منداڵ دوای زانیاری بکەوێت، نەک زانیاری دوای ئەو بکەوێت .

(*)